# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمــاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کــوردی ٢٠٢٤ی زاییـــنـــی

# گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی

ژمـاره (٦٠) ٢٧٢٤ی کـوردی ٢٠٢٤ی زایینـی



سەرۆکی ئەکادیمیای کوردی و خاوەن ئیمتیازی گۆڤار

حەمەسەعید حەسەن کەریم

سەرنووسەر:

**پ.د. کاروان عومەر قادر**

بەڕێوەبەری نووسین:

**د. پەخشان فەهمی فەرحۆ**

دەستەی نووسەران:

- **پ.د. قەیس کاکل تۆفیق**
- **پ.د. موحسین ئەحمەد عومەر**
- **پ.د. بەختیار سەجادی**
- **پ.د. فەرهاد قادر تۆفیق**
- **پ.ی.د. عەبدلواحید ئیدریس شەریف**
- **پ.ی.د. نەوزاد ئەسوەد ئەحمەد**
- **د. لەزگین عەبدولڕەحمان ئەحمەد**

دەستەی ڕاویژکاران:-

- **پ.د. میشێل لیزەنبێرگ**
- **پ.د. مارتن ڤان برونسن**
- **پ.د. جەلیلی جەلیل**
- **پ.د. ساڵح ئاکین**
- **پ.د. جەعفەر شەیخولئیسلامی**
- **پ.د. عەبدولڕەحمان ئەداك**
- **پ.د. هاشم ئەحمەد زادە**



**هەولێر - شەقامی هەڵەبجە**

ISSN: 2520-4106

http;//gov.krd/ka

# سیمانتیکی مەعریفی مێتافۆری هەست

**هیوا حمید صالح**

قوتابیی ماستەر/ بەشی زمانی کوردی/
کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی سەڵاحەدین
Haider.khdir@su.edu.krd

**پ. ی. د دیار علی کمال**

بەشی زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە/
زانکۆی سەڵاحەدین
dyar.karim78@gmail.com

**پوختە:**

زۆربەی ئەو چەمکە هەستییانەی کە مرۆڤەکان لە ژیانی ڕۆژانەیاندا بەکاری دەهێنن، بە شێوەیەکی مێتافۆری تێگەیشتنیان لێ دروست دەبێ. بۆیە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی مێتافۆر دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ تێگەیشتنێکی گونجاو لە هەستەکان. ئەم توێژینەوەیە لە چوارچێوەی زمانەوانی مەعریفیدا نووسراوە، بەدواداچوون بۆ مێتافۆرەکانی هەست دەکات، چونکە مێتافۆر بە یەکێک لە گرنگترین ئامرازەکانی گواستنەوەی زمان لە بەکارهێنانی ڕاستەقینەوە بۆ بەکارهێنانی مەجازی و ئەدەبی دەبینێت. مێتافۆر بە شێوەیەکی باو لە زمانی ڕۆژانەدا بۆ وەسفکردن و دەربڕینی حاڵەتە هەستییە جیاوازەکان بەکار دەهێنرێت.

دڵێکی پاکی هەیە

سەری دەکوڵێ

هەستەکانی مرۆڤ وەک بواری سەرچاوە لە پێکهاتەکردنی مێتافۆری چەمکە جۆراوجۆرەکان لە زۆربەی زمانەکاندا بەکار دەهێنرێن، بۆیە لێکۆڵینەوە لە دیاردەی مێتافۆر دەبێتە ئامرازێکی گرنگ بۆ تێگەیشتنێکی گونجاو لە هەستەکان. جگە لە ناساندنی مێتافۆر بەگشتی ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ ناساندنی میتافۆری چەمکی و لێکدانەوەی دیاردەی مێتافۆر بە دیدێکی نوێ و دیاریکردنی هەردوو بواری سەرچاوە و ئامانج لە لێکدانەوەی مێتافۆرەکاندا.

کلیلەوشە: مێتافۆر، مێتافۆری چەمکی، سەرچاوە، ئامانج، زمانەوانی مەعریفی.

**١ پێشەکی**

**١-١ ناونیشانی توێژینەوە**

توێژینەوەکــە بەناونیشــانی (ســیمانتیکی مەعریفــی مێتافــۆری هەســت)ە. لــە ناونیشــانەکەوە دەردەکــەوێ کــە ئـەم توێژینەوەیـە تایبەتـە بـە لێکدانـەوەی مێتافـۆری هەسـت لـە ڕوانگـەی بۆچوونـی نوێـوە، کـە بـە بۆچوونـی ڕۆمانتیکیـش دەنـاسرێ.

**٢-١ سنوری بابەتی و زمانی توێژینەوەکە:**

سـنوری توێژینەوەکـە دیـاردەی مێتافـۆرە لـە سـیمانتیکی مەعریفیــدا و ئــەم توێژینەوەیــە هەوڵــی داوە ئــەم ســنورە تیۆرییــە نەبەزێنــێ، کەرەســتەی توێژینەوەکــەش لــە زاری ناوەڕاسـتی زمانـی کوردییـە وەرگیـراون، توێـژەر لـە ئاخاوتنـی ئاسـایی ڕۆژانـەی بەکارهێنەرانـی کـوردی ناوەڕاسـتەوە کـە توێـژەر خـۆی گێـڕەرەوەی زمانییـە بـەو پێیـەی کـە ئاخێـوەری ڕەسـەنی شـێوەکەیە.

**٣-١ ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکــە توێژینەوەیەکــی وەســفییە، بــۆ پەســن و لێکدانـەوەی دیـاردەی مێتافـۆر ڕوانگـەی سـیمانتیکی مەعریفـی کردۆتـە بنەمـا و لـەم بوارەشـدا پشـتی بـە بۆچوونـی لەیکـۆف و جۆنســن بەســتووە. ئەمــەش لەبــەر ئــەوەی بۆچوونەکــە لــە بــواری لێکدانــەوەی مێتافــۆری هەســتدا دەتوانــێ وردتــر دیاردەکــە پەیوەســت بــکا بــە بیرکردنــەوە و ئــەو چەمکــە هزرییــە زاڵانــەی ئاخێوەرانــی زمــان هەیانــە و لــە دەربڕینــە زمانییەکانــدا ڕەنگــی تیــا دەدەنــەوە. چونکــە بۆچوونەکــەی لەیکـۆف و جۆنسـن بـوون و بەکارهێنانـی مێتافـۆر پەیوەسـت دەکـەن بـە سروشـتی بەکارهێنانـی هێـمای زمانـی لـە لایـەن مرۆڤــەوە، بــەڵام بــەو ئاڕاســتەیەی کــە مێتافــۆرەکان تــەرزی بیـر و تێڕوانینـی ئاخێوەرانـی زمانـن، نـەک فیگـەری ڕەوانبێـژی و شـێواز.

**٤-١ ئامانج و گرنگی توێژینەوەکە**

توێژینەوەکــە دەیــەوێ هەنــدێ لایەنــی پەیوەندیــی دەربڕینــە مێتافۆرییەکانــی زمانــی کــوردی بــە مەعریفــەی ئاخێوەرانــی زمانەکــەوە لێــک بداتــەوە و ئامانجییەتــی بــە پشــت بەســتن بــە نەخشــەی مێتافــۆری لەیکــۆف و جۆنســن چالاکیــی ئــەم بۆچوونــە لــە پڕکردنــەوەی بۆشــاییە واتاییــە فەرهەنگییەکانـدا بخاتـە ڕوو. لێـرەوە گرنگـی توێژینەوەکـە لـە دوو خاڵــدا دەردەکــەوێ:

- نەخشــە مێتافۆرییــەکان بوارەکانــی ئامانــج و ســەرچاوەی مێتافۆرەکانـی هەسـت لـە کوردیـدا دیـاری دەکـەن و بۆشـاییە واتاییــە فەرهەنگییەکانــی ئــەم بــوارە بــە تــەواوی دەخەنــە ڕوو.

- توێژینەوەکـە دەتوانـێ ئـەو هێڵـە هزرییانـە دیـاری بـکا کـە ئاخێوەرانـی کوردیـی ناوەنـدی لـە نەخشـەی مێتافۆریـدا پشـتی پـێ دەبەسـتن بەتایبەتـی لـە دەربڕینـە هەسـتییەکاندا.

**٢-١ چەمکی مێتافۆر**

مێتافـۆر دیاردەیەکـی بەرچـاوی هەمـوو زمانەکانـی جیهانـە، ناوچەیەکــی زۆری واتایــی لــە ئاماژەکردنــدا دادەپۆشــێ و بەدرێژایــی مێــژوی فەلســەفە و زمانەوانــی جێــی تێڕامانــی پســپۆرانی بوارەکــە بــووە. لــە بنەچــە گریکییەکەیــدا بــە واتــای ســەرو ئامــاژە دێ، کــە دیــارە مەبەســت لەوەیــە کــە وشــەیەک ئامــاژە بــە واتایەکــی ســەرو واتــا فەرهەنگییەکــەی خــۆی بــکات. وەک زاراوەیەکــی تەکنیکییــش بریتییــە لــەوەی وشــەیەک بــەکار بهێــنرێ بــۆ ئامــاژەدان بــە وشــەیەکی تــر یاخـود بـە واتایەکـی دور لـە واتـا چەسـپیوە فەرهەنگییەکـەی. ئــەوەی لێــرەدا جێــی باســە ئەوەیــە، کــە زانایانــی زمانەوانــی پێشــتر مێتافۆریــان وەک بابەتــی زمــان ســەیر دەکــرد، نــەک بیرکردنـــەوە و ئامرازێکـــی ئامرازێکـــی خەیاڵـــی شـــیعری و گەشـــەکردنی ڕەوانبێتـــژی(Lakoff and Johnson:2003:4). بــەڵام بۆچوونــی نــوێ پێچەوانــەی ئــەو بۆچوونــە کۆنەیــە کــە پێــی وایــە مێتافــۆر وەک هونــەری تایبــەت بــە شــیعر و وێــژە دادەنــرێ و بەکارهێنانــی تەنیــا لــە لایــەن شــاعیرانەوە بێــت. ئەمــەش ســەلمێنەری ئەوەیــە کــە بەکارهێنانــی مێتافــۆر لــە ژیانــی ڕۆژانــەدا بــووە بــە شــتێکی ئاســایی و هەمیشــەیی، زۆرجــار بەئاگایــی و هەنــدێ جاریــش بــە نائاگاییــەوە لــە پەیوەندییەکانــی ڕۆژانــەدا بــەکار دەهێــنرێ (ســبزعلیپور، جوریابــی،224:1397).

وەک جـی لەیکـۆف، بـۆی دەچـێ: مێتافـۆر بریتییـە لـە تێگەیشـتن و ئەزموونکردنـی جۆرێـک لـە شـتەکان لـە ڕووی شـتێکی تـرەوە. ئێمـە لـە گفتوگـۆی ڕۆژانەمانـدا مێتافـۆر

بـەکار دەهێنیـن. (Lakoff and Johnson:1980:195).

(١) کات پارەیە.

(٢) دڵی سادە.

(٣) ڕومەتەکانی گوڵن.

(٤) عیشق جەنگە.

ڕەنگـە بەهـۆی ئـەم مێتافـۆرەوە ئـەم هاوکێشـەیە لـە نێـوان دوو شـتدا بـە شـێوەیەکی ناڕاسـتەوخۆ دروسـت ببێـت، وەک لـە نموونـەی ژمـارە پێنجـدا دەردەکەوێـت.

(٥) ئەو بەهۆی خۆشەویستییەوە بریندار بووە.

ئـەو بەرابەریکردنانـەی کـە مێتافـۆر دروسـتی دەکات، مەبەسـت لێـی ئـەوە نییـە کـە بـە شـێوەیەکی ڕسـتەیی واتاکـەی وەربگیرێـت. بەڵکـو بـە شـێوەیەکی مێتافـۆری لێیـان دەڕوانرێـت و مەبەسـت لێیـان ئەوەیـە کـە وشـە ئامـاژە بەواتایەکـی سـەرو واتـا فەرهەنگییەکـەی دەکات. بـۆ نموونـە کـە دەوتـرێ:

(٦) خۆشەویستی مەیدانی شەڕە.

لێـرەدا خۆشەویسـتی سـەرچاوەیە و ئـازار و مەترسـی ئامانجـە، زۆرێـک وا بیردەکەنـەوە کـە مێتافـۆر ئامرازێکـە بـۆ خەیاڵـە شـیعرییەکان، بێگومـان ئەمـەش شـتێکی نائاسـاییە؛ مێتافـۆر لـە زمانـدا بژاردەیەکـی کراوەیـە و بـە نـا ئاگایانـە لـە کاتـی گفتوگـۆدا بـەکار دەهێنرێـت(Ellis:2001:78).

دیـاردەی مێتافـۆر لـە زمانـدا بـەکار دەهێنرێـت و دەتوانرێـت لای منداڵانیـش تەنانـەت لـە قۆناغـی سـەرەتای پەیوەندیکردنـدا درکـی پـێ بکرێـت، هەرچەنـدە منـداڵان ناتوانـن ڕسـتەیەکی ڕێزمانـی بونیـادی بنووسـن، بـۆ نموونـە مێتافۆرێکـی بـاو کـە منداڵێـک لەوانەیـە بـەکاری بهێنێـت بریتـی بێـت لـە:

(٧) باوک پاڵەوانە.

منـداڵ، لـە نموونـەی حەوتـدا، بـاوک وەک پاڵەوانێکـی بەهێـز و پارێـزەر وێنـا دەکات، کـە دەتوانرێـت پشـتی پـێ ببەسـترێت. بەمـەش دەردەکەوێـت مێتافـۆر بریتییـە لـە بەچەمککردنـی شـتێک لـە ڕووی شـتێکی تـرەوە. نموونەیەکـی تـر وەک «لەیکـۆف و تێرنـەر» لـە کتێبەکەیانـدا بەناونیشـانی **(More than cool reason)**. ئاماژەیـان بـۆ کـردووە: ڕێنیشـاندەرێکی مەیدانـی بـۆ مێتافـۆری شـیعری بـۆ ڕوونکردنـەوەی دیـاردەی مێتافـۆر بریتییـە لـە:

(٨) کات پارەیە. (Lakoff and Turner:1989:204).

لـە نموونـەی ژمـارە هەشـتدا «کات» وەک تایبەتمەندییەکانـی پـارە دەناسـێنرێ، بـۆ نموونـە کات سـەرچاوەیەکی سـنوردارە وەک پـارە، کات کاڵایەکـی بەنرخـە وەک پـارە و دەکرێـت وەک پـارە وەبـەر بهێنرێـت. لـەم ڕوانگـەوە مێتافـۆرەکان دەرگایـان بـۆ ئیدیەمـەکان کـردەوە، لەگـەڵ ئەوەشـدا بۆئـەوەی وەرگـر پێویسـتی بـە تێگەیشـتنێک هەبێـت لـەو ئیدیەمـەی کـە وەری دەگرێـت، پێویسـتە ئیدیەمـەکان هانـدەر بـن بۆئـەوەی وێنەیەکـی هۆشـەکی لای وەرگـر دروسـت بکـەن کـە زانیاریـان دەربـارەی هەبێـت. بـۆ نموونـە لـە گفتوگـۆی نێـوان ا و ب: لـە نموونـەی ژمـارە نـۆدا

(٩) ا/ هەر خواردنەت ئامادە کردووە؟

ب/ بەڵێ

ا/ ئەو خواردنە بەشی ئەو مانگایانە دەکات؟

ئـەم دەربڕینـە و زۆرێـک لـە دەربڕینەکانـی تـری ڕۆژانـە مێتافـۆری بەرچـاو تێیانـدا مانـگا سـەرچاوەیە و زۆرخـۆر ئامانجـە. دەبێـت ئامـاژە بـەوە بکرێـت، مـەرج نییـە هەمـوو ئیدیەمێـک پاڵنـەر بێـت بـۆ دروسـتبوونی خەیاڵێـک لـە مێشـکدا، هەندێـک لـە ئیدیەمـەکان ئارەزومەندانـەن یاخـود هەڕەمەکیـن. لەپێنـاو بەسـتنەوەی مێتافـۆر و ئیدیـەم، لـە خـوارەوە زیاتـر بابەتەکـە ڕون دەکرێتـەوە.

(١٠) ئەوەی لەژێر بەڕەیە بیخە سەر بەڕە.

وێنـەی خستنەسـەر بـەڕە، لـە کەسـێکەوە بـۆ کەسـێکی تـر جیـاوازە، لەوانەیـە وەرگـر خەیاڵـی بەڕەیەکـی ڕاسـتەقینە بـکات، بـەڵام کەسـێکی تـر بـە پێچەوانـەوە. ئـەم جیاوازییـە لـە تێگەیشـتن وەڵامـی ئـەو کەسـانەی کـە ئـەو ئیدیەمـە دەبیسـتن یـان دەخوێننـەوە مێتافـۆر conduit پێکدێنێـت. بەپێـی مێتافـۆری کانـاڵ، مێشـک کۆگایەکـە، بیرۆکـەکان لـە مێشـکدا کۆمەڵـێ کەرەسـتەی سـەربەخۆن و پەیوەندیکـردن بریتیـن لـە دەرهێنانـی بیرۆکـەکان لـە مێشـک و ناردنیـان بـۆ کەسـانی تـر (Lakoff:1987:450). ئـەوەی پێوسـتە لێـرەدا ئامـاژەی پـێ بـدرێ ڕۆڵـی وەرگـر لـە پرۆسـەی پەیوەندیکردنـدا، بەجۆرێـک کـە ناوەڕۆکێکـی هۆشـەکی لـە وشـەکان دەربهێنێـت(Reddy:1979:287). بەمـەش مێتافـۆری

کانــاڵ بــۆ ئــەو ئیدیەمانــە دەگونجێــت کــە هانــدەرن بــۆ وێناکردنــی بیرۆکەیــەک لــە مێشــکدا کــە جۆرێــک لــە تێگەیشــتن دروســت دەکات، وەک لــە نموونەکانــی ســەرەوەدا دەرکەوتــن، مێتافــۆرەکان لــە مێشــکدا بوونیــان هەیــە بەبــێ ئــەوەی هەســتیان پــێ بکرێــت، بــەڵام هــەر لــە قۆناغــە ســەرەتاییەکانی دەربڕینــی وشــەکانەوە مــرۆڤ توانــای ئــەوەی هەیــە شــتێک یــان کەســێک بــە شــتێکی تــرەوە ببەســتێتەوە. ئــەم دیاردەیــە تەنیــا تایبــەت نییــە بــە بەســتنەوەی وشــە و دانــە زمانییــەکان بــە وێنــەی هۆشــەکیی واتایــی، یاخــود ئامــاژەی دەرەکییــەوە، بەڵکــو هەنــدێ جــار ڕەنــگ و شــێوە و کەرەســتە بەرجەســتەکانیش وابەســتەی چەنــد واتایــەک دەکا کــە بەشــێک نیــن لەخــۆی، ئەمــەش هەمــان میکانیزمــی بنەڕەتــی بەکارهێنانــی میتافــۆری زمانییــە لــە بــواری زانینەکــی تــردا، وەک بەکارهێنانــی مێتافــۆری شــێوەکان، بــۆ نموونــە بەبــێ فێرکــردن منــداڵان دەزانــن تەنــی شــێوە تیــژ و ڕەق بــە مەترســییەوە ببەســتنەوە. لــەم ڕوانگــەوە دیــاردەی مێتافــۆر لــە قۆناغەکانــی پەرەســەندنی مێشــکدا جێگیــر بــووە، کەواتــە مێتافــۆر وشــەکان بــەکار دەهێنێــت بــۆ دروســتکردنی وێنەیــەک لــە مێشــک، هەروەهــا وشــەیەک بــە ئامــاژە فەرهەنگییەکــەی خــۆی بــەکار ناهێــنرێ بەڵکــو بەکارهێنانــی وەک ئاماژەیەکــی ســەرو واتــا فەرهەنگییەکــەی بــەکار دەهێــنرێ.

(١١) بە دارێک لێم دا. واتای ڕستەیی ‹لێدان›.

(١٢) لە مشتومڕەکەدا لێم دا. واتای مێتافۆری ‹لێدان›.

وەک لــە نموونــەی (١٢)دا دەردەکەوێــت، وشــەکان ئاماژەیــان بــە واتایەکــی ســەرو واتــا فەرهەنگییەکانــی خۆیــان کــردووە و دەربڕینێکــی مێتافۆرییــان دروســت کــردووە. کەواتــە دەتوانــرێ ئــەوە پشتڕاســت بکرێتــەوە، کــە «مێتافــۆرەکان بەشــێکی گرنگــی زمانــن و بەبــێ ئــەوان پرۆســەی پەیوەندیکــرن هــەروا ئاســان نییــە، یاخــود واتــا و مەبەســتی ئاخێــوەر و نووســەر بــە دروســتی بەرجەســتە نابێــت ( McArthur:1992:109). چونکــە لــە پرۆســەی بەکارهێنانــی مێتافــۆردا ئــەو وێنەیــە لــە مێشــکی وەرگــردا دروســت دەبێــت، کــە مەبەســتی بەکارهێنانــی وشــەکان بــۆ واتــای ڕاســتەقینەی خۆیــان بــەکار نەهاتــون و ئاخێــوەر مەبەســتی تــری لــە پشــت وشــەکانەوە بارکــردووە. مێتافــۆر یارمەتــی نێــرەر دەدات وێنەیــەک لای وەرگــر دروســت بــکات، یارمەتیــدەر بێــت بۆئــەوەی بیرۆکــەکان بــە ڕوونــتر ببینرێــن.

**٢- ٢گرنگیی مێتافۆر.**

پێــش ئــەوەی بــاس لــە گرنگــی مێتافــۆر بکرێــت، دەبێــت باســی کۆمەڵــە بابەتێکــی تــر بکرێــت تاوەکــو گرنگیــی بەکارهێنانــی مێتافــۆر دەربکەوێــت، لێــرەدا پێویســتە تیشــک بخرێتــە ســەر زانســت و گرنگییەکــەی، ســەرەڕای ئــەوەش چــۆن دەکــرێ زانســت و مێتافــۆر پەیوندییــان بەیەکــەوە هەبێــت؟ لــە کاتێکــدا هەردووکیــان بــە دۆزینەوەیەکــی گرنــگ دادەنرێــت. زانســت لــە وشــەی لاتینــی scientia وە، وەرگیــراوە و بــە واتــای مەعریفــە دێــت، لێــرەدا زانســت کرۆکــی مەعریفــە و خــودی پرۆســەکەیە، هەنــدێ لــە توێــژەران پێیــان وایــە زمانــی تێگەیشــتن دەبێــت لــە زانســت وردتــر و ڕوونــتر بێــت، ئــەم تێڕوانینــە دەربــارەی ڕوونــی زمــان گەیشــتە لووتکــە لــە لایــەن زانایــان و فەیلەســوفەکانی ڕێبــازی پۆزیتیڤیزمــی لۆژیکییــەوە. زمانــی زانســت دەبێــت باوەڕپێکــراو و ڕوون بێــت، چونکــە هــەر دیاردەیەکــی زانســتی دەبێــت پشتڕاســتکراو و بەڵگــەدار و دروســت بێــت(Ortony:1993:133). ڕێگایەکــی جیــاواز بــۆ تێگەیشــتن لــە چەمــک و دیــاردە زانســتییەکان دەکــرێ مەعریفــە ببەســتێتەوە بــە بابەتــێ، کــە پێشــتر زانیــاری دەربــارەی هەیــە (Whorf:1956:54). جیهانــی بابەتــی بــە ئاســانی لەگــەڵ تێگەیشــتنەکان بونیــات نانرێــت، ئــەوان زیاتــر لــە ژێــر کاریگەریــی زانســت و زمانــی مێشــکدان، لێــرەدا زمــان، مەعریفــە، تێگەیشــتن هەموویــان تێکچــڕژاون و پێکداچــوون، ئەمــەش گرنگیــی بەکارهێنانــی مێتافــۆر دەردەخــات.

یەکێــک لــە گرنگییەکانــی مێتافــۆر داهێنانــی زمانییــە، بۆیــە بەکارهێنانــی زمــان لــە ڕوانگــەی زمانەوانییــەوە پێویســتی بــە لێهاتوییەکــی تایبــەت بــە خــۆی هەیــە. ســەرباری ئــەوەش نێــرەر لــە پرۆســەی بەکارهێنانــی زمانێکــدا مێتافــۆر بــەکار دەهێنێــت، زۆرجــار ئــەم بەکارهێنانــە لــە پرۆســەی تێگەیشــتندا ئاســانکاری بــۆ کەســی بەرامبــەر دەکات، واتــە بەکارهێنانــی مێتافــۆر پرۆســەی پەیوەندیکــردن ئاســان دەکات، هەروەهــا یارمەتیدەریــش دەبێــت بــۆ فێربوونــی زمانێکــی نــوێ، بــەوەش وەرگــر دەتوانێــت لــە بەرابەرییەکــە

تـێ بـگات و لێـی فێـر بێـت. یەکێکـی تـر لـە گرنگییەکانـی مێتافـۆر ئەوەیـە، کـە پێناسـەیەکی تـر بـە وشـە دەدات. واتـای دروسـتی ‹superposition› کـردەی دانانـی شـتێک لـە سـەروی شـتێکەوە، هـاوکات دەتوانرێـت بـە پێناسـەی وشـەکاندا تێگەیشـتن دروسـت ببێـت. بۆیـە وابەسـتەیی مێتافـۆر بـە پێناسـەی نامێتافـۆری بـۆ تێگەیشـتن لـە گرنگیـی مێتافـۆر زۆر گرنگـە.

(١٣) ئەمڕۆ ڕەنگی زەردە

زەرد، یەکێکـە لـە ڕەنگـەکان، بـەڵام دەگونجـێ بـەو واتایـەش لێـک بدرێتـەوە، کـە کەسـێک خـەم و ئـازاری هەیـە، لێـرەدا پێناسـەی وشـەکە لـە چوارچێـوەی گفتوگۆدایـە یـان بـەو واتایـەی، کـە نێـرەر دەیەوێـت بیگەیەنێـت، لەبەرئـەوە لـە هـەردوو بـاردا گرنگیـی میتافـۆر بریتییـە لـە دروسـتبوونی زمانێکـی داهێنەرانـە و بەکارهێنانـی دەسـتەواژەیەک بـۆ پێناسـەی جیـاواز، بـەڵام لـە هەندێـک بـاردا مێتافـۆرەکان لەوانەیـە ئاڵـۆز بـن و درکپێکردنیـان لـە مێشـکدا ئاسـان نەبێـت. مێتافـۆرەکان وەک مەتەڵێـک لـە مێشـکدا وێنـا دەکرێـن، بزوێنـەرە هەسـتیارەکان لـە ژێـر EEG ئێلکترۆئێنسـفالۆگرام، «ئامێرێـک، کـە چالاکییـە کارەباییەکانـی مێشـک دەپێوێـت» بـە شـێوەیەکی کاریگـەر چـالاک دەبـوون لـە کاتێکـدا بەشـداربووان ڕسـتەیەکی مێتافۆریـان دەبیسـت. ئـەم تاقیکردنەوەیـە لـە لایـەن توێژەرێـک بـە نـاوی Vicky Lai لـە زانکـۆی ئەریزۆنـا ئەنجـام درا. ئـەو توێـژەرە سەرسـام بـووە بـە مێتافـۆر و ئـەدەب و لـە قۆناغـی ئامادەییـەوە خەریکـی کۆکردنـەوەی مێتافـۆر بـووە لـە کولتـووری چینیـدا. جگـە لـەوەش Vicky Lai و هاوکارەکانـی لـە توێژینەوەکانیانـدا ئاماژەیـان بـەوە کـردووە، کـە مێتافـۆرەکان بەشـی ڕاسـتی مێشـک بەهێزتـر دەکـەن، ئـەو بەشـەی مێشـک، کـە کۆنترۆڵـی بیـرەوەری و هەسـتەکان دەکات. لەگـەڵ ئـەو گرنگییـەی کـە پێشـتر ئامـاژەی پـێ کـرا، مێتافـۆرەکان یەکێکـن لـەو ئامرازانـەی کـە ڕەنگـە نێـرەر وا لـە وەرگـر بـکات ئـارەزوو لـە خوێندنـەوەی بابەتەکـەی بـکات. وەک شـاعیر و شـانۆکار ولیام شکسـپیر لـە شـانۆنامەکەیدا › *AS You Like IT* ‹ نووسـیویەتی:

جیهـان شـانۆیەکە و هەمـوو ژن و پیـاوەکان تیایـدا تەنیـا یاریکـەرن(Shakespeare:1905:74).

لـەم دەربڕینـە مێتافۆریـەدا شـانۆ سـەرچاوەیە جیهـان ئامانجـە

مێتافـۆر یەکێـک لـە سـەرچاوە بنەڕەتییەکانـە بـۆ پرۆسـەی بیرکردنـەوە لـە کۆمەڵگـەی مرۆڤایەتـی (Schaffner:2004:1257). ئەمـەش دەرخـەری ئـەو ڕاسـتییەیە کـە مێتافـۆر لـە کـردەی پەیوەندیکردنـدا پـەرەی سـەندووە، واتـە نـەک تەنیـا لـە زمانـدا، بەڵکـو لـە بیرکردنـەوە و کرداریشـدا. هەربۆیـە دەتوانـرێ ئامـاژە بـەوە بدرێـت، کـە مێتافـۆرەکان دەتوانـن ئاسـانکاری بـۆ تێگەیشـتن لـە ئاساییترین و ئاڵۆزتریـن تیـۆرەکان بکـەن.

جگـە لـەم هۆکارانـە ئـەم توێژینەوەیـە وای بـۆ دەچـێ کـە بێزاربوونـی مـرۆڤ لـە گوتنـەوە و بەکارهێنانـی هەمـان کـۆد بـۆ هەمـان واتـا کـە هۆکاریکـی دەروونییـە و پەیوەسـتە بـە ئـارەزووی مـرۆڤ بـۆ ڕاپسـکان لـە بـاو، هۆکاریکـی تـری سـەرهەڵدانی مێتافـۆر و لـە هەمـان کاتیشـدا گرنگییەکـی تـری مێتافـۆر بـێ بـەوەی بەکارهێنانـی مێتافـۆر پانتاییەکـی تـری دەربڕینـی نابـاو فەراهـەم دەکا و تاڕادەیـەک نێـرەر و وەرگـر لـە بێزاریـی سـوانی وشـە دەپارێزێـت.

### ٣-٢ مێتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە

مێتافـۆر دیاردەیەکـە کـە بـە چەندیـن شـێوەی جیـاواز لـە تیۆرییـە جیاوازەکانـدا بـە تێپەڕبوونـی کات توێژینـەوەی لەسـەر کـراوە. زۆرجـار لـە تیۆرییـە کۆنەکانـدا، مێتافـۆر وەک قسـەکردنێکی ڕەوانبێژییانـە یـان لادان لـە زمانـی ئاسـایی سـەیر دەکـرا. بـۆ نموونـە لـە تیـۆری ئەرسـتۆدا مێتافـۆر وەک فۆرمێـک لـە زمانـی شـیعری سـەیر دەکـرا کـە پشـتی بـە لێکچـوون دەبەسـت بـۆ گەیاندنـی واتـا(Ortony:1993:21).

لـە بەرامبـەردا تیۆرییـە نوێیەکانـی مێتافـۆر، وەک ئەوانـەی لـە زمانەوانـی مەعریفیـدا پەرەیـان پـێ دراوە، جەخـت لەسـەر گرنگیـی مێتافـۆر لـە بیرکردنـەوە و زمانـی ڕۆژانـەدا دەکەنـەوە. بەپێـی ئـەم بۆچوونـە، مێتافـۆر تەنیـا ئامرازێـک نییـە بـۆ ڕازاندنـەوەی قسـەکردن، بەڵکـو لایەنێکـی بنەڕەتیـی مەعریفـە و پەیوەندیـی مرۆڤـە (یوسـفی راد، گلفـام:١٣٨١:٦١)

تیۆرییـە زمانەوانییـە مەعریفیـەکان پێداگـری لەسـەر ئـەوە دەکـەن کـە مێتافـۆرەکان لەسـەر بنەمـای نەخشەکێشـانی

چەمکـەکان لـە بوارێکـەوە بـۆ بوارێکـی تـر دامـەزراون. بـۆ نموونـە:

(١٤) ژیان پێچی مێزەرە.

(١٥) کات شمشێرە.

لـەم دوو نموونەیـەدا مێـزەر و شمشـێر بـۆ سـەر چەمکـی ژیــان و کات نەخشــە دەکات و تیشــک دەخاتــە ســەر لێکچونـەکان و تێگەیشـتنێکی نـوێ بـۆ چەمکـی مێـزەر و شمشـێر دروسـت دەکات. ئـەم جـۆرە نەخشـەسـازییە چەمکییـە وەک لایەنێکـی سروشـتی و بنچینەیـی ناسـینی مـرۆڤ سـەیر دەکرێـت. واتـا «لـە تیۆرییـە نوێیەکانیشـدا گرنگـی مێتافۆریـان پشــتگوێ نەخســتووە، بەڵکــو بــۆ ڕوونکردنــەوەی چەمکــە ئاڵـۆزەکان و دابینکردنـی دیدێکـی نـوێ بـۆ بابەتەکـە، کەڵکیـان لـە مێتافـۆرەکان وەرگرتـووە.

بـە گشـتی لـە کاتێکـدا تیۆرییـە کۆنـەکان مێتافۆریـان وەک لایەنێکـی تاڕادەیـەک لاوەکـی زمـان سـەیر دەکـرد، لـە بەرامبـەردا تیـۆرە نوێیـەکان مێتافۆریـان وەک لایەنێکـی بنچینەیـی زانیـن و پەیوەندیکردنـی مـرۆڤ دەبینـی، کـە شـێوازی بیرکردنـەوە و پەیوەندیکـردن لەبـارەی جیهانـی دەوروبـەرەوە دەردەخسـت.

### ٤-٢ مێتافۆر لە ڕوانگەی سیمانتیکی مەعریفیەوە

زمانەوانـی مەعریفـی تاڕادەیـەک قوتابخانەیەکـی نوێـی زمانەوانییـە و یەکێکـە لـە داهێنەرانەتریـن و سەرنجڕاکێشـترین ڕێبـازەکان بـۆ توێژینـەوە لـە زمـان و بیرکردنـەوە، کـە لـە زانسـتی مەعریفییـەوە سـەریهەڵداوە. گرنگتریـن ڕێـگا کـە زمانەوانـی مەعریفـی لـە ڕێبازەکانـی دیکـەی توێژینـەوەی زمـان جیـا دەکاتـەوە، ئەوەیـە زمـان وا لێـک دەداتـەوە کـە ڕەنگدانـەوەی هەندێـک تایبەتمەندیـی بنەڕەتـی و تایبەتمەندیـی پێکهاتـەی عەقڵـی مـرۆڤ بێـت. جگـە لـەوەش، توێژینەوەکانـی سـیمانتیکی مەعریفـی سـەرنج دەخەنـە سـەر پێکهاتـە و واتـای ڕسـتەیەک. زۆرجـار زانایانـی سـیمانتیکی مەعریفـی دەپرسـن: واتـا و پێکهاتـەی ڕاسـتەقینە بـۆ هەندێـک وشـە لـە ڕسـتەیەکدا چییـە؟

لـە هەمـووو بارێکـدا هـەر توێژینەوەیـەک لـە زمـان کـە مەعریفـە لەخـۆ بگرێـت، پەیوەندیـی نێـوان واتـا و خەیـاڵ و پرۆسـەی بیرکردنـەوە پشـتی پـێ دەبەسـتێت. جگـە لـەوەش گرنگـە مێتافـۆرەکان بـە واتاسـازیی مەعریفیـەوە ببەسـترێنەوە، چونکـە وەک پێناسـەی مێتافـۆر بەرابەریکردنـە لـە نێـوان زاراوەی جیـاواز، بـە واتایەکـی تـر وتنـی شـتێک بەهـۆی واتـای شـتێکی تـرەوە. سـەبارەت بـە واتاسـازی مەعریفـی، دروشـمە سـەرەکییەکەی بریتییـە لـە: واتـاکان لـە مێشـکدان. (Allwood,Gardenfors:1999:21). بـە شـێوەیەکی وردتـر دەکرێـت بگوترێـت، واتاسازی بـۆ زمـان، وەک نەخشـەڕێگایەکە کـە لـە دەربڕینەکانـی زمانـەوە بـۆ هەندێـک لـە پێکهاتـە هۆشـەکییەکان دەبینرێـت. پرۆسـەی تێگەیشـتن بەشـێکی لـە ڕێگـەی هەسـتەکانەوە و بەشـەکەی تـری لـە ڕێگـەی عەقڵـەوە بەرەوپێـش دەچێـت. تێگەیشـتنی پەیوەسـت بـە هەسـتەکان هەمیشـە یەکەمـە، بۆیـە زمـان خزمـەت بـە تێگەیشـتنی هەسـت دەکات پێـش ئـەوەی خزمـەت بـە تێگەیشـتنی عەقـڵ بـکات، بـە ڕێگـەی لێکچونـی دەروونـی و هەسـت، دواتـر وشـەکان دەگوێزرێنـەوە بـۆ تێگەیشـتنی دەروونـی. مرۆڤـی ئاسـاییش وەک شـاعیران لـە ڕێگـەی مێتافـۆرەوە زمـان چـڕ بکەنـەوە لـە واتـا. دەکـرێ بگوترێـت هیـچ دەربڕینێکـی هەسـتی نییـە، کـە نەتوانرابێـت بگوێزرێتـەوە بـۆ تێگەیشـتنی عەقڵـی، بۆیـە دەتوانـرێ بانگەشـەی ئـەوە بکـرێ، کـە هیـچ دەسـتەواژەیەک نییـە لـە پرسـە عەقڵییەکانـدا، کـە لـە شـتە هەسـتییەکانەوە سـەرچاوەی نەگرتبێـت. بـەم شـێوەیە لـە هـەر شـوێنێک، کـە هـەم بەکارهێنانـی هەسـتی و هـەم بەکارهێنانـی مێتافـۆری هەبێـت، بێگومـان دەبێـت یەکەمیـان وەک بنەڕەتـی سـەیر بکـرێ(Hartung:1831:4).

مێتافۆر لە زمانەوانی مەعریفیدا بە دوو شێوە دێت:

١. مێتافۆری زمانەوانی.

٢. مێتافۆری چەمکی.

زمانەوانـە مەعریفییـەکان بەکارهێنانـی زۆر و سیسـتماتیکی مێتافۆرەکانیـان لـە زمانـدا وەک بنەمایـەک بـۆ گریمانەکردنـی بوونـی مێتافـۆرە چەمکییـەکان بـەکار هێنـاوە، کـە گواسـتنەوە لـە زمانـەوە بـۆ بیرکردنـەوە دەردەخـەن. بۆیـە لەیکـۆف و جۆنسـن هەندێـک مێتافـۆری چەمکییـان خسـتە ڕوو کـە بیرکردنەوەمـان لەبـارەی سروشـتی بیرۆکەکانـەوە دەگرێتـەوە:

(١٦) بیرۆکەکان ڕۆکن

(١٧) بیرۆکەکان خواردنن

(١٨) بیرۆکەکان پارەن

ئەمانە مێتافۆری چەمکین بەو واتایەی، کە ئەبستراکتکردنی بیرۆکەکان لە پشت بەکارهێنانی باوی دەربڕینەکانی وەک:

(١٩)بیرۆکەکان پارەن

(٢٠) دەوڵەمەندە بە بیرۆکە

(٢١) ئەو کەسە خاوەن بیرۆکەی دەوڵەمەندە

مێتافۆرە زمانەوانییە باوەکان ڕەنگدانەوەی مێتافۆرە چەمکییە بەربڵاوەکانن و ڕەنگە باشترین سەرچاوە بن بۆ دۆزینەوەی ئەم پلانە مێتافۆرییانەی بیرکردنەوە. جگە لەوەش ڕەنگە هەر ئەو ڕاستییەی کە لە مێتافۆری چەمکی جیاواز بۆ هەمان چەمک هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک ڕاستی سەبارەت بە زمانیش بەکار بهێنرێ(Gibbs,1990:21). بەم شێوەیە، وەڵامەکانی خەڵکی بەرابەر کرد بە دەربڕینە دەستەواژەییەکان «ئیدیۆماتیکییەکان»، وەک:

(٢٢) دارا گازی لە زمانی دەگرت

یان

(٢٣) دارا تەقییەوە

کە لە مێتافۆرە چەمکییە جیاوازەکانەوە بۆ «توڕەیی» سەرهەڵدەدەن، وەک:

(٢٤) لە توڕەیدا دەکوڵێ

کاتێک ئیدیەمێک لە دەقێکدا ئاماژەی پێ دەکرا، کە توڕەیی کەسەکە بە زاراوەی مێتافۆری وەسف دەکرد، کە لەگەڵ میتافۆرە چەمکییە بنچینەییەکەی ئیدیەمەکەدا هاوتا بوو، خەڵک زاراوەکەیان بەوە لێکدایەوە کە گونجاوترە لەوەی کە کردوویانە بۆ زاراوە هاوشێوەکان، کە لە میتافۆرێکی چەمکەوە سەرچاوەیان گرتووە. ئەم بەڵگەیە، جووڵە لە مێتافۆری چەمکییەوە بۆ مێتافۆری زمانەوانی ڕوون دەکاتەوە، بە پیشاندانی ئەوەی کە چۆن ڕێگا میتافۆرییە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی هەمان چەمک بۆ نموونە: «توڕەیی» دەبێتە هۆی دروستبوونی دەربڕینە زمانەوانییە جیاوازەکانی پەیوەست بەو چەمکەوە تەقاندی یان گازی لە زمانی گرتووە دروست دەکات. بنەماکانی ئەو لۆژیکەی کە باس کرا، ئەوەیە کە بە پشتبەستن بە زمانەوانانی مەعریفی و واتاسازی لە پشتیەوەیە، مێتافۆر بناغەیەکی لە زماندا هەیە کە وەک سیستەمێکی ئەبستراکتی لە نیشانە یان هێما و ڕێساکاندا نییە: لەبری ئەوە، مێتافۆر بەشێکی گرنگ و بەرچاوە لە سیستەمی چەمکیی ڕۆژانەی خەڵک (Gibbs, Steen:1999:2).

**٢ - ٥جۆرەکانی مێتافۆر لە ڕوانگەی سیمانتیکی مەعریفییەوە.**

مێتافۆر کاتێک لە زمانێکدا بەکار دەهێنرێت، کە ئاماژە بێت بۆ ڕەنگدانەوەی ژێرخانی هزری مرۆڤ، تێگەیشتن لە دیاردەی مێتافۆر و پێگە کولتووری و هەستیارییەکەی زۆر بەسوودە لە ناسینەوە و تێگەیشتن لە زمان و پەیوەندیکردن. یەکێک لە ڕۆڵە گرنگەکانی زمانیش بریتییە لە گەیاندنی هەستەکان. «هەست و سۆز» چەمکگەلێکی ئەبستراکتن، کە دەتوانرێت لە ڕێگەی مێتافۆرەوە بابەتی بکرێت. توێژینەوەی مێتافۆر لە بوارە جیاجیاکانی زماندا بایەخی لای زمانەوانەکان پەیدا کردووە، بێگومان هەست یەکێکە لە بوارە گرنگەکان(ملکیان، ساسانی:٢٠١٣: ١١٣).

لە ئێستادا توێژینەوە لە بواری هەست و سۆز لە زمانەوانی مەعریفیدا گرنگییەکی زۆری هەیە و سەرنجی زۆرێک لە زمانەوانانی ئەو بوارەی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە. «توێژینەوە لە هەستەکانیش بەبێ توێژینەوەی نێوان زانستەکان ناتوانرێت ئەنجام بدرێت. یەکێک لەو ڕێبازانەش کە دەتوانرێت شیکاری هەستەکان لەسەر بنەمای ئەو بخرێتە ڕوو، زمانەوانی مەعریفییە»( فضائلی، براهیمی:١٣٩٣:٦٥).

کۆڤێکسیسKovecses جەخت لەسەر ڕۆڵی سەرەکی زمان لە ئاشکراکردنی بیرۆکەی خەڵک و بیروباوەڕەکان دەکاتەوە، بەتایبەتی ئەو بیرۆکانەی کە زانیاریی هاوبەشیان دەربارەی ئەزمونەکانی مرۆڤ و بە دیاریکراوی ئەزمونی هەست هەیە. بە بڕوای کۆڤێکسیس زمان نوێنەرایەتیی دیمەنێکی دەوڵەمەند و ئاڵۆز دەکات، هەستکردن بەو شتانەی کە لەکاتی ئەزموونکردنی دیاردەیەکی هەستیدا ڕوو دەدات. ئەو پێی وایە ئاخێوەرانی زمانێک کاتێ

زمانێـک بـۆ قسـەکردن دەربـارەی ئەزموونـە هەسـتییەکانیان بـەکار دەهێنـن پـڕە لـە مێتافـۆر.(Kovecses:2000:8).

جۆرەکانـی مێتافـۆر لـە زۆر ڕوانگـەوە پۆلێـن کـراون، لـەم توێژینەوەیـەدا ئـەو جۆرانـەی مێتافـۆر دەخرێنـە ڕوو کـە بـە مێتافـۆری هەسـت نـاسراون، ئـەو مۆدێلـەی کۆڤێکسـیس پشـتی پـێ بەسـتووە و زۆربـەی ئـەو مێتافۆرانـەی ئـەو باسـی کـردوون، هەمـان ئـەو مێتافۆرانـەن کـە هـەردوو شـاعیر لـە شـیعرەکانیاندا بەکاریـان هێنـاوە.

**١. مێتافۆری خەم.**

وەک کۆڤێکسـیس لـە کتێبەکەیـدا ئامـاژەی بـۆ دەکات، مێتافۆرەکانـی خـەم لـە ڕوانگـەی زمانەوانەییـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ سـاڵی ١٩٨٦، لـە لایـەن Lakoofەوە شـی کراوەتـەوە. خـەم و دڵتەنگـی دەتوانـرێ بـە هەسـتی نەرێنـی دابنـرێ و زۆرجـار خـەم بـە مـردن، ئاگـر، سـوتان، شـکان، بریـن، دڵشـکان، پاڵەپەسـتۆ، بارگرانـی، وێرانبوون....هتـد وێنـا کـراون.

(٢٥) خەم خواردوویەتی.

(٢٦) خەمی لێ دەبارێت.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| خەم خواردوویەتی | خواردنی لەلایەن خەمەوە | دڵتەنگی زۆر |
| خەمی لێ دەبارێ | بارینی خەم | دڵتەنگی زۆر |

**٢. مێتافۆری شادی.**

شـادی یەکێکـی تـرە لـە مێتافۆرەکانـی هەسـت، «لـە زمانـی ڕۆژانـەدا بـە شـێوەیەکی بەرفـراوان بـەکار دێـت. شـادی یـان بەختـەوەری بـە شـێوەیەکی سـەرەکی لـە سـەر ئەزموونـی جەسـتەیی بـاو تێبینـی کـراوە (زوررز، افراشـی، عاصـی:١٣٩٢:٤٩). شـاعیران لـە بەرهەمەکانیانـدا بـە زۆر بابەتیـان چوانـدووە، شـادی و دڵخۆشـی کاردانەوەیەکـی دەروونییـە و مـرۆڤ کاتێـک هەسـت بـە شـادی دەکات کاردانـەوەی جۆراوجـۆری لـێ دەبینرێـت. لـە مێتافـۆری چەمکیدا «شادی» لـە بـواری سـەرچاوەدا هەندێـک جـار بـە مەسـتی، شـێتی، پـەری، یـار و بینینـی ئەندامەکانـی لەشـی، بەنـدی یـار، فڕیـن، مانـگ و خـۆر، ئەسـتێرە، بەهەشـت، دەرکەوتنـی بەهـار وێنـا کـراوە.

(٢٧) ڕوومەتەکانی پێدەکەنن.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| ڕوومەتەکانی پێدەکەنن | پێکەنینی ڕوومەت | شادی |

**٣. مێتافۆری خۆشەویستی**

خۆشەویسـتی جەمسـەری جیهانـی دروسـتکردنە و بنەمـای بابـەت و سـەرچاوەی دروسـتبوونی مـرۆڤ و جیهانـی بوونـە. «عیرفانییـەکان هـۆکاری دروسـتکردنی مـرۆڤ بـۆ خۆشەویسـتی دەگەڕیننـەوە. شـاعیران جوانتریـن و قووڵتریـن واتایـان بـۆ خۆشەویسـتی بـە وشـە و بیـری جۆراوجـۆر دەربڕیـوە» (بهارونـد، سـپهوندی، صحرایـی:١٤٠١:٨٥). شـاعیرانی ڕۆمانتیـک لـەو شـاعیرانەن، کـە بـە جوانتریـن و قووڵتریـن واتـا مێتافۆرییـەکان خۆشەویسـتییان وێنـا و چەمکسـازی کـردووە. بـۆ ئـەم مەبەسـتەش مێتافـۆرە مەعریفییەکانـی خۆشەویسـتی لـە بـواری سـەرچاوەدا، توخمەکانـی وەک بڵێسـە، ئاگـر، مـەی، زیندووێتـی، ڕوناهـی، ڕێـگا، بکـوژ، سـەفەر....هتد یـان بـەکار هێنـاوە.

(٢٨) خۆشەویستی سوتاندی.

(٢٩) خۆشەویستی ژیانە.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| خۆشەویستی سوتاندی. | سوتاوی لە تاو خۆشەویستی | خۆشەوستیی زۆر |
| خۆشەویستی ژیانە. | یەکسانبوونی خۆشەویستی بە ژیان | خۆشەوستیی زۆر |

**٤. مێتافۆری ترس.**

تـرس کاردانەوەیەکـی دەروونییـە کـە بـە هـۆی مەترسـی چاوەڕوانکـراوەوە و لـە مرۆڤـدا وروژێـنراوە. تـرس لای مـرۆڤ بـۆ مانـەوە وەک سیسـتمێکی ئاگادارکردنـەوەی گونجـاو پـەرەی سـەندووە. هەسـتی تـرس وا دەکات دۆخـە مەترسـیدارەکان دەستنیشـان بکـرێ و بەرگـری لـە بەرامبەریـان دروسـت

ببێت. ئەم هەستە لە بنەڕەتدا پەیوەندی بە ئەزموونی هەڕەشەوە هەیە و پاڵنەری بەرگریکردن لە خود دەگرێتەوە. مرۆڤەکان لە پاساوی ڕۆژانەیاندا سەبارەت بە ترس، چەندین مێتافۆری چەمکی بە مەودایەکی بەرفراوان بەکار دەهێنن(kovecses:1985:71). مێتافۆری ترس لە بواری سەرچاوەدا توخمەکانی مردن، بێتدەسەڵاتی، کەشوهەوای سەخت، دڕندە...هتد بەکار هێنراوە.

(٣٠) زمانی شکا

(٣١) ناوکی کەوت

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| زمانی شکا | زمان شکان | ترسی زۆر |
| ناوکی کەوت. | ناوک کەوتن | ترسی زۆر |

**٥. مێتافۆری تووڕەیی**

یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی زمانەوانیی مەعریفی، ناسینەوە و تێگەیشتنە لە هەستەکان. ئەم مێتافۆرە بۆ یەکەمجار بە زمانی ئینگلیزی لە لایەن لەیکۆفەوە ئاماژەی بۆ کراوە و توێژینەوەی لەسەر کرا(kovecses:1985:5).

(٣٢) خوێنی دەکوڵێ

(٣٣) تەقییەوە.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| خوێنی دەکوڵێ | کوڵانی خوێن | تووڕەیی |
| تەقییەوە | تەقینەوە | تووڕەیی |

لە زۆرێک لە زمانەکاندا مێتافۆری تووڕەیی وەک دەفرێک و بەتایبەتی دەفرێک، کە لە ژێر فشاردایە، وێنا کراوە(خاندانی، محمدنیا:٣٧:١٤٠٠). لەم مێتافۆرە چەمکییەدا جەستەی مرۆڤ وەک دەفرێک بەرجەستە دەبێت، کە هەست و سۆزی جۆراوجۆری لەخۆ گرتووە؛ لەوانەش تووڕەیی، دڵتەنگی، دڵخۆشی و هتد، دەتوانرێت برێژێتە ناویەوە(اقاابراهیمی:٦١:١٣٩٧). باوەڕبوون بە زمانەوانیی مەعریفی جگە لە لێکچوونە بابەتییەکانی پێشوەختە، مێتافۆرە چەمکییەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئەزموونی مرۆڤ دروست دەبن و ڕووداو گەلێکن، کە ڕەگیان لە ئەزموونەکاندا هەیە.

**٦. مێتافۆری هیوا**

بوونی هیوا وا دەکات هەست بە سەلامەتی و ڕووناکی بکرێت، لە کاتێکدا لە نائومێدی یان نەبوونی هیوا هەست بە ناڕەحەتی و تاریکی و هەڕەشە دەکرێت. هیوا بە شێوەیەکی ئەرێنی پەیوەندی بە هەستەکانەوە هەیە و بە هەستێکی ئەرێنی دادەنرێ، بوونی هیوا وا دەکات هەستی ئەرێنی زاڵتر بێت سەبارەت بە ئەگەری بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکە(Jack M. C. Kwong:2022:321).

(٣٤) ڕۆژ هەر هەڵدێت

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| ڕۆژ هەر هەڵدێت. | هەڵهاتنی ڕۆژ | هیوا |

**٧. مێتافۆری بێزاری.**

بێزاری دەتوانرێت بە شێوەیەکی مێتافۆری، بە گۆمێکی وەستاو بێتە جووڵە وێنا بکرێت. زۆر جار بێزاری هەستی نەرێنی بەدوای خۆیدا دەهێنێ، هەروەها دەتوانرێ بە شێوەیەکی مێتافۆری ئاماژەی پێ بدرێت، کاتێک سەرهەڵدەدات کە هەستکردن بە نائارامی، بێزاری یاخود هاندان و بەشداریکردن لەگەڵ جیهانی دەوروبەردا نەبێت.

(٣٥) ئەمرۆم هەر لێ ناڕوا

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| ئەمرۆم هەر لێ ناڕوا. | نەڕۆشتنی کات | بێزاری |

**٨. مێتافۆری بەهێزی**

بریتییە لە قسەکردنێکی ڕەوانبێژییانە، بەراوردێکی زیندوو لە نێوان دوو شتدا دروست دەکات، کە بە شێوەیەکی ئاسایی پەیوەندییان بە یەکەوە نییە، بۆئەوەی

تێگەیشتن و واتایەکی قووڵتر بگەیەنێت، لە مێتافۆری بەهێزیدا زمانی خەیاڵی و وێنەی وروژێنەر بۆ وەرگر بەکار دەهێنرێ بۆئەوەی لە چەمک و بیرۆکەی ئاڵۆز تێ بگەن.

(٣٧) دەستی پۆڵایە.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| دەستی پۆڵایە. | دەستی پۆڵایین | بەهێزی |

### ٩. مێتافۆری ماندوێتی

مێتافۆری ماندوێتی بەکار دێت بۆ وەسفکردن، بەتایبەت لە کاتی هەستکردن بە ماندوێتی جەستەیی، دەروونی، هەروەها ڕێگایەکە بۆ دەربڕینی ئەو هەستەی کە مرۆڤ وزە و پاڵنەرەکانی کەم بووەتەوە، زۆرجار مێتافۆری ماندوێتی بەکار دێت بۆ وەسفکردنی کاریگەرییەکانی بارودۆخێکی جۆراوجۆر، وەک نەخۆشی، فشار، زیادەڕۆیی لە کارکردن، یان کەمخەوی. هەروەها دەتوانرێ بۆ وەسفکردنی ماندوێتی هەستی لەگەڵ بارودۆخە سەختەکان بەکار بهێنرێت، وەک خەم یان زەبروزەنگ.

(٣٨) لە کارگەکەدا خوێنیان زۆر ڕشت

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| لە کارگەکەدا ئارەقیان زۆر ڕشت. | ئارەق ڕشتن | ماندوێتی |

### ١٠. مێتافۆری گەشبینی

شێوازێکە بۆ سەیرکردنی جیهان بە بیرکردنەوەیەکی ئەرێنی، لە کۆتاییدا شتەکان بە باشترین شێوە بەڕێوە دەچن، تەنانەت لە دۆخە زۆر سەختەکاندا. بیرۆکەی بینینی شوشە وەک نیوە پڕ نەک نیوە بەتاڵ، وەک مێتافۆری گەشبینی بەکار دەهێنرێت. مێتافۆرێکی دیکەی باو بۆ گەشبینی بریتییە لە:.

(٣٩) خۆرێکی نوێ هەڵدێ.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| خۆرێکی نوێ هەڵدێت. | هەڵهاتنی خۆری نوێ | گەشبینی |

### ١١. مێتافۆری ڕەشبینی

زۆرجار مێتافۆری ڕەشبینی بەوە وێنا دەکرێ، کە بریتییە لە بینینی جیهان یان دۆخێکی دیاریکراو وەک «شوشەیەکی نیوە بەتاڵ» نەک «شوشەیەکی نیوە پڕ». شێوازێکە بۆ سەیرکردنی بابەتەکان لە ڕوانگەیەکی نەرێنییەوە، گریمانەکردنی خراپترین دەرئەنجام و چاوەڕوانی نائومێدی یان شکست. مێتافۆرێکی دیکەی باو بۆ ڕەشبینی بریتییە لە «بینینی دیوی تاریکی شتەکان. هەژاری، نەخوێندەواری، ستەم، گەندەڵی، تاریکی، پاییز... هتد لەو بابەتانەن، کە لە بواری سەرچاوەدا لە مێتافۆری ڕەشبینیدا باسی لێوە کراوە.

(٤٠) شۆڕشەکە دەتاوێتەوە.

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| شۆڕشەکە دەتاوێتەوە. | تاواندنەوەی شۆڕش | ڕەشبینی |

### ١٢. مێتافۆری تەنیایی

زۆرجار تەنیایی بۆ وەسفکردنی هەستی دابڕان لە کەسانی دیکە بەکار دەهێنرێت، وەک ئەوەی مرۆڤ بە تەنیا لە ژینگەیەکی فراوان و چۆڵدا گیری خوارد بێت. ئەم مێتافۆرە ئەوە دەردەخات کەسەکە هەست بەوە دەکات، کە بە تەواوی لە کەسانی دیکە دابڕاوە، وەک ئەوەی لە بیابانێکی دووردا گیری خوارد بێت و هیچ ڕێگەیەکی بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ کەسانی تردا نەبێت.

(٤١) ماڵی بێ ئاگرە

| مێتافۆر | نەخشاندن | |
|---|---|---|
| | سەرچاوە | ئامانج |
| ماڵی بێ ئاگرە. | هەڵنەکردنی ئاگر لە ماڵ | تەنیایی |

**٦-٢ مێتافۆری هەست و فەرهەنگ.**

هەست و سۆز پێکهاتەی بنەڕەتیی دەروون و هۆشی مرۆڤن، هەستەکان کارەکتەر دروست دەکەن، بۆ نموونە وەسفکردنی کارەکتەری کەسێک ڕەنگە بڵێت:

(٤٢) ئەو بەردەوام تووڕەیە

هەستەکان نەک تەنیا کاریگەرییان لەسەر کارەکتەر و تایبەتمەندییەکانی هەیە، بەڵکو کاریگەری لەسەر بڕیاردان هەیە و پاڵنەرە بۆ ڕەفتارە تایبەتەکان. هەستەکان ئەزموونی بابەتێکی ئاڵۆز لەخۆ دەگرن «لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازە» کە هەست و بیرکردنەوە لەخۆ دەگرن. ئەوان چەمکی ئەبستراکتن، زۆرجار بە شێوەیەکی مێتافۆری دەردەبڕدرێن، چونکە زەمینەسازیی بابەتییان نییە، واتا هەست دەتوانێت لە چەند سەرچاوەیەکەوە هاتبێت، لە قسەکردندا تۆن و دەنگ و ڕێژەی قسەکردن چەند هۆکارێکن، کاریگەرییان لەسەر لێکدانەوەی گوێگر بۆ دۆخی هەستی نێرەر هەیە، بەڵام لە زمانی نووسراودا لێکدانەوەکە ئاڵۆزتر دەبێت، دەکرێت بەم شێوەیە ڕاستەوخۆ ئاماژە بە دۆخە هەستییەکان بکرێت: تووڕەم، بەڵام زۆرجار هیچ ئاماژەیەکی ڕوون نییە و وەرگر دەبێت لێی تێ بگات، پرسیارەکە ئەوەیە: چۆن کەسێک لە گوتارێکی نووسراوەوە لە دۆخێکی هەستی تێ دەگا؟

نیشاندەرەکان لەوانەیە لە ڕێزمانی بونیادی، هەمەچەشنی وشەکان و تێگەیشتنی زارەکییەوە سەرچاوە بگرن، بەڵام بەهێزترین شێوازی گەیاندنی هەستەکان لە ڕێگەی مێتافۆرەوەیە. هاوکات لەگەڵ پێناسەکانیدا دەتوانرێ مێتافۆر وەک ئامێرێکی زمانەوانی پێناسە بکرێت، کە لە لایەن خەڵکەوە بەکار دەهێنرێ بۆ گەیاندنی ئەو بیرۆکانەی کە ناتەواون. زۆرجار بۆ گەیاندنی زانیاریی ئەزموونی بەردەوام بەکار دێ، چونکە دەربڕینی ئەو زانیارییانە ئەستەمە، ئەم پێناسەیە ڕەنگدانەوەی سوودی مێتافۆرە بۆ چەمکە ئەبستراکتەکان. ئەرکی مێتافۆر بریتییە لە ڕوونکردنەوەی هەندێ چەمک لە ڕێگەی ئاماژەدان بە تێگەیشتنی باشتر و چەمکێکی کۆنکرێتی. مێتافۆر ئامێرێکی بەهێزە بۆ گەیاندنی هەستەکان لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە. وەک ئاماژەی پێ درا هەستەکان چەمکی ئەبستراکتن، پەیوەندیی هەستێک لەگەڵ هەندێک چەمکی تر وا دەکا هەستەکە کۆنکرێتیتر بێت، دەتوانێت وێنەیەک دروست بکا کە ڕەنگدانەوەی ئەو گوزارشت و ئاماژانە بێت، کە پەیوەستن بە هەستێکی تایبەتەوە. جگە لەوەش دەتوانێ بەهای هەستەکە زیاتر ئاشکرا بکات، بۆ نموونە جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان پلەی ئاستی دڵتەنگیدا لە نێوان ئەم دو دەربڕینەدا هەیە:

(٤٢) ئاری هەست بە دڵتەنگی دەکات

(٤٣) ئاری خەمبارە

واتای ئاری خەمبارە ئەوەیە کە شتێک وای لێ دەکات ئاری هەست بەو خەمبارییە بکات، لێرەدا توخمی بێدەسەڵاتی یان نەبوونی کۆنترۆڵ بەسەر دۆخەکەدا زیاد دەبێت: بەم شێوەیە، بەهێزی هەستەکە پیشان دەدا. ساپیر لە کتێبی *The Social Use of Metaphor* پێی وایە هەموو تێڕوانینێک بۆ بنەمای ڕێکخراوەیی بە شێوەیەکی ڕوون بێت یاخود ناڕوون پێویستی بە مێتافۆرێک هەیە»(Sapir:1977:35). مێتافۆر دەتوانێ کاریگەری لەسەر پێکهاتەی چەمکەکە هەبێت بەهۆی ئەو واتا درێژکراوەیەی بۆ وشەیەک دروستی دەکات.

ڕوانگەیەکی تر بۆ مێتافۆری هەست ئەوەیە کە مێتافۆر دەبێتە هۆی وروژاندنێکی کاریگەر بە دروستکردنی گرژی لە نێوان دوو شت یان دوو چەمکی ناو مێتافۆرەکەدا. تێڕوانینی وەرگر لەسەر بابەتی مێتافۆرەکە دەگۆڕێت بە وروژاندنی وەڵامێکی کاریگەر. وا بیر دەکرێتەوە، کە ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە مێتافۆر دەتوانێت میتۆدێکی بەهێز بێت بۆ ڕوونکردنەوەی چەمکەکان. سروشتی زمانی کوردی پڕە لە دەربڕینی مێتافۆرییانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێک لە مێتافۆرەکان چیتر مێتافۆر نین بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیان هەستی مێتافۆری ڕەسەنی زۆرێک لە دەربڕینەکان نەماوە و هەندێک جار بە مێتافۆری مردوو ناو دەبرێن. بەکارهێنانی ئەو مێتافۆرانەی کە پێشتر هەبوون ئێستا واتای جیاوازیان هەیە لە ناو فەرهەنگدا. بۆ نموونە کاتێک کەسێک دەڵێت:

(٤٤) قاچی کورسی

(٤٥) دەمی ڕووبار

وەرگـر لـە پەیوەندیـی نێـوان قـاچ و کورسـی ناگەڕێـت یاخـود لـە نموونـەی (٤٥)دا لـە پەیوەندیـی نێـوان دەم و ڕووبـاردا ناگەڕێـت. بەڵکـو یەکسـەر دەزانێـت نێـرەر بـاس لـە شـوێنی بەیەکگەیشـتنی ڕووبارەکـە دەکات کاتێـک، کـە دەڕژێتـە ئاوێکـی گەورەتـرەوە.

ئـەوەی کـە خرایـە ڕوو نموونـەی مێتافۆرێکـی مـردوو بـوو، کـە تێیـدا واتـای پشـت مێتافۆرەکـە بـۆ هەمـوو قسـەکەرانی زمانێـک ئاشـکران، هـاوکات لـە ئەنجامـی زۆر بەکارهێنانیـان چیـتر وەک مێتافـۆر بیریـان لـێ ناکرێتـەوە. لـە لایەکـی دیکـەوە، مێتافـۆرە زینـدووەکان ئـەو مێتافۆرانـەن، کـە بـە هۆیانـەوە وێنەیـەک یـان بیرۆکەیـەک دروسـت دەبـن، کـە یارمەتـی وەرگـر دەدەن باشـتر لـەو شـتە تـێ بـگات کـە وەسـف دەکرێـت. بـۆ نموونـە کاتێـک کەسـێک دەڵێـت:

(٤٦) ژیان گەشتێکە.

ئـەم مێتافـۆرە بیرۆکـەی گەشـتێک بـۆ وەسـفکردنی ئـەو هـەوراز و نشـێوانە بـەکار دەهێنـێ کـە پرۆسـەی گەشـەکردن و گەشـەکردنی کەسـی لـە ژیانـدا ئەزمـوون دەکـەن. سـەرەڕای ئـەوەش، مێتافـۆرەکان ئامـرازن بـۆ گەیاندنـی ئـەو سـۆزانەی کـە هەسـتیان پـێ دەکرێـت. ڕەنگـە کەسـێک بپرسـێ: خۆشەویسـتی واتـای چییـە؟ وەڵام بـۆ ئـەم پرسـیارە ئەوەیـە ڕەنگـە کەسـێک نەتوانـێ لـە پەرەگرافێـک یـان دوو پەرەگرافـدا خۆشەویسـتی ڕوون بکاتـەوە، لێـرەوە، دەتوانـرێ بـە مێتافۆرێـک وەڵامـی پرسـیارەکە بدرێتـەوە عیشـق جەنگـە. بـەم شـێوەیە واتاکـە لـە ڕسـتەیەکدا بەیـان دەکـرێ کـە دەربڕینێکـی بابەتییـە.

**ئەنجام.**

مێتافـۆر دیاردەیەکـی بەرچـاوی هەمـوو زمانەکانـی جیهانـە، ناوچەیەکـی زۆری واتایـی لـە ئاماژەکردنـدا دادەپۆشـێ، وەک زاراوەیەکـی تەکنیکیـش بریتییـە لـەوەی وشـەیەک بـەکار بهێـنرێ بـۆ ئامـاژەدان بـە وشـەیەکی تـر یاخـود بـە واتایەکـی دوور لـە واتـا چەسـپیوە فەرهەنگییەکـەی.

گرنگـی میتافـۆر بریتییـە لـە دروسـتبوونی زمانێکـی داهێنەرانـە و بەکارهێنانـی دەسـتەواژەیەک بـۆ پێناسـەی جیـاواز، بـەڵام لـە هەندێـک بـاردا مێتافـۆرەکان لەوانەیـە ئاڵـۆز بـن و درکپێکردنیـان لـە مێشـکدا ئاسـان نەبێـت. جگـە لەمـە مێتافـۆر پانتاییەکـی تـری دەربڕینـی نابـاو فەراهـەم دەکا و تـا ڕادەیـەک نێـرەر و وەرگـر لـە بێزاریـی دووبارەبوونـەوە دەپارێزێـت، ئەمـەش بـە گرنگـی مێتافـۆر سـەیر دەکـرێ.

لـە سـیمانتیکی مەعرفیـدا بـۆ تێگەیشـتن لـە مێتافـۆرە چەمکییـەکان، ئامـاژە دەکرێـت بـە هـەردوو بـواری سـەرچاوە و ئامانـج دەدرێ.

هەندێـک مێتافـۆر لـە ئەنجامـی زۆر بەکارهێنانیانـدا ئاسـایی دەبنـەوە و وەرگـر چیـتر وەک مێتافۆرێـک بیـر لـەو دەربڕینانـە ناکاتـەوە، کاتێـک دەگوترێـت «قاچـی کورسـی» وەرگـر لـە پەیوەنـدی نێـوان قـاچ و کورسـی ناگەڕێـت، بـەم مێتافۆرانـە دەگوترێـت میتافـۆری مـردو لـە بەرامبـەدا مێتافـۆرە زینـدووەکان ئـەو مێتافۆرانـەن، کـە بـە هۆیانـەوە وێنەیـەک یـان بیرۆکەیـەک دروسـت دەبـن، کـە یارمەتـی وەرگـر دەدەن باشـتر لـەو شـتە تێبـگات کـە وەسـف دەکرێـت.

مێتافـۆرەکان دەتوانرێـت بەکاربهێنرێـت بـۆ وەسـفکردنی هەسـتە ئاڵـۆزەکان بـە شـێوەیەک کـە هـەم خەیاڵـی بێـت و هـەم بەهێـز بێـت. بەگشـتی مێتافـۆری هەسـت ئامرازێکـی بنچینەییـە لـە زمانـی شـیعردا، ڕێگـە بـە شـاعیران دەدات وێنەیەکـی بەهێـز و وروژێنـەر دروسـت بکـەن کـە یارمەتـی وەرگـر دەدات پەیوەندییـان لەگـەڵ ئـەو هەسـتانەدا هەبێـت و هەسـتیان پـێ بـکات کـە دەربـڕدراون.

## لیستی سەرچاوەکان

سەرچاوەکان بە زمانی ئینگلیزی

یەکەم: کتێبەکان:


1. Litz, A.W. and Bush, R, (1991),T. S. Eliot: The Modernist in History: New York.
2. Gibbs R, & Steen.G (1999), Metaphor in Cognitive Linguistics, (Vol1), John Benjamin publishing company.
3. Ellis, R, (2014), The metaphorical constructions of second language learners. In Learner contributions to language learning (pp. 85-65). Routledge.
4. Kovecses, Z. (1985). Emotion concepts, Springer press: New York.
5. Kovecses, Z. (2000), Metaphor and emotion, Cambridge, Cambridge University Press: London.
6. Lakoff and Johnson, M, (2003 ,1980), Metaphor We Live by. University of Chicago Press: Chicago.
7. Lakoff, G. (1993), The contemporary theory of metaphor.
8. Lakoff, G. Turner, M. (1989), More than cool reason: A field guide to poetic metaphor, The University of Chicago Press: Chicago.
9. McArthur. Tom, (1992), The Oxford companion to the English language, Oxford University Press: New York.
10. Orazgozel. E. (2011), metaphorical conceptualisation of anger, fear and sadness in English.
11. Ortony, Andrew, 2nd Ed. *Metaphor and thought*. Cambridge University Press, New York.1993.
12. Reddy, M. J, (1979), The conduit metaphor: A case of frame conflict in our language about language, Editor Andrew Ortony: Cambridge University Press.
13. Sapir, J. David (1977), The Social Use of Metaphor: Essays on the Anthropology of Rhetoric, University of Pennsylvania Press.
14. Sencourt, Robert, (1971), T.S. Eliot, A Memoir, Garnstone Limited: London.
15. Shkstpir ba wena grtuma, (1905), edit by wilayam.
16. Shakespeare, 1906. *As you like it*. University Press.
17. Whorf, B. L. (1956). Language Thought and Reality. Cambridge MA: MIT Press.
18. Worthen, John, (2009), T.S. Eliot: A Short Biography, Haus Publishing: London.
19. Johann Adam Hartung (1831) Ueber die Casus, ihre Bildung und Bedeu Tung, in der griechischen und lateinischen Sprache.


### دووەم: گۆڤارەکان:


1. “ Magazine “ The Journal of Philosophy, (1980) (Vol 77), (No 8) (Aug), Published By: Journal of Philosophy, Inc.
2. Jack M. C. Kwong (2022), The phenomenology of hope, (Vol 59), (no3) “Magazine” American Philosophical Quarterly,.
3. Lakoff, G. and Johnson, M., 1980. Conceptual metaphor in everyday language. *The journal of Philosophy*, 8)77), pp.486-453.
4. Lakoff, G. and Johnson, M., 1980. The metaphorical structure of the human conceptual system. *Cognitive science*, 2)4), pp.208-195.
5. Liu, Xiao. Zhao, Guodong, (2013), A Comparative Study of Emotion Metaphors between English and Chinese. Theory and Practice in Language Studies, (Vol 3), (No. 1), January, ACADEMY PUBLISHER Manufactured: Finland.
6. Schäffner, C., 2004. Metaphor and translation: some implications of a cognitive approach. *Journal of pragmatics*, 7)36), pp.1269-1253.


### سێیەم: تێزی دکتۆرا:


1. Allwood. Jens Gärdenfors, Peter (1999), Cognitive Semantics: Meaning and Cognition, Library of Congress Cataloging-in-Publication.


چوارەم: پێگەی ئەلیکترۆنی:


1. Gibbs, R. W., Jr. (2014). Conceptual metaphor in thought and social action. In M. Landau, M. D. Robinson, & B. P. Meier (Eds.), The power of metaphor: Examining its influence on social life (. American Psychological Association. https://doi.org/002-14278/10.1037.


سەرچاوەکان بە زمانی فارسی:


١. ألهامی، فاطمه_ عبدالغفور جهاندیده علیرضا میر(١٣٩٧)،بررسی استعاره در شعر عاشورایی معاصر،دوره و شماره: دوره ١٠، شماره ٢ - شماره پیاپی ٢٣، تیر

٢. بهاروند نازنین ، سپهوندی مسعود ، صحرایی قاسم(١٤٠١)، بررسی استعاره مفهومی عشق در غزل سعدی بر پایه نظریات لیکاف و جانسون. دوره ١١ ،شماره پیاپی ٢٨.
٣. خاندانی عزت اله کلانتری و مهدی محمدی نیا؛ مسعود اکبری زاده(١٤٠٠)، بررسی استعاره های مفهومی خشم در قران کریم: نظریه های عصب-زیستی و کنش مفهومی. مقاله ٢، دوره ١٣، شماره ٣٨، اردیبهشت.
٤. دریکوند، ذوالفقار، و محبوبه مباشری ، عصمت عاملی(١٤٠١) استعارههای مفهومي خشم در دیوان خاقانی کاربست رویکرد پیکرهبنیاد تحلیل الگوي استعاري در زبان فارسی: مطالعة حوزه مقصد خشم. پژوهشهاي .٦٦٣-٦٦ دوره٢٦.
٥. زوروزز مهدیس، افرایشی ازیتا، عاصی سید مصطفی. (١٣٩٢) ستعارههای مفهومی شادی در زبان فارسی: یك تحلیل پیکرهمدار، مجله زبانشناسی و گویشهای خراسان، دانشگاه فردوسی مشهد، علمي- پژوهشي، دوره ٩. شماره ٢.
٦. فضائلی، سیده مریم، براهیمی شیما(١٣٩٣) بررسی استعاره مفهومی احساس غم در شعر مسعود سعد سلمان. مطالعات زبان و ادبیات غنایی سال چهارم، شماره ١٣ .
٧. قوام، ابوالقاسم و زهره هاشمی (١٣٩٢)، امید و ناامیدی در بوف کور، تحلیل مفاهیم انتزاعی بوف کور بر اساس نظریه استعاره مفهومی، فصلنامه نقد ادبی، دوره ٥، شماره ٢٠، زمستان.
٨. لیکاف، جورج و مارک جانسون (١٣٩٤). استعارههای که با آنها زندگی میکنیم. ترجمه هاجر آقا ابراهیمی. تهران: نشر علم.
٩. ملکیان، معصومه و فرهاد ساسانی (١٣٩٢). «بیان استعاری غم و شادی در گفتار روزمره». پژوهش زبانشناسی تطبیقی. دورة ٣. شمارة ٥.
١٠. مهرانگیز عزیزی منامن، محمدرضا شاد منامن، جهاندوست سبزعلیپور، حسین آریان سیدسعید احدزاده. (١٤٠١)، تحلیل استعاره شناختی عشق از منظر عرفانی در بعضی از اشعار مثنوی مولوی و غزلیات بیدل دهلوی، دوره ١٨، شماره ٧١ - شماره پیاپی ٧١ .
١١. یوسفی راد، فاطمه و گلفام، ارسلان (١٣٨١)، زبان شناسی شناختی و استعاره» دوره٤، شماره٣، صص٦١

**ملخص.**

معظـم المفاهيـم الحسـية التـي يسـتخدمها النـاس في حياتهـم اليوميـة مفهومـا مجازيـا. لذلـك، تصبـح دراسـة ظاهـرة الاسـتعارة أداة مهمـة لفهـم العواطـف بشـكل مناسـب. كتبـت في سـياق اللغويـات المعرفيـة، تستكشـف هـذه الورقـة الاسـتعارات الحسـية لأنهـا تـرى الاسـتعارة كأحـد أهـم وسـائل نقـل اللغـة مـن الاسـتخدام الحقيقـي إلى الافـتراضي والأدبي. تسـتخدم الاسـتعارة بشـكل شـائع في اللغـة اليوميـة لوصـف الحـالات العاطفيـة المختلفـة والتعبـير عنهـا.

لديه قلب نقي.

رأسه يغلي.

تسـتخدم العواطـف البشريـة كحقـول مصـدر في الهيكلـة المجازيـة لمختلـف المفاهيـم في معظـم اللغـات، لـذا فـإن دراسـة ظاهـرة الاسـتعارة تصبـح أداة مهمـة لفهـم العواطـف بشـكل مناسـب. بالإضافـة إلى إدخـال الاسـتعارة بشـكل عـام، فـإن هـذه الدراسـة هـي محاولـة لإدخـال الاسـتعارة المفاهيميـة و تفسـير ظاهـرة الاسـتعارة مـن منظـور جديـد و تحديـد مصـدر و غـرض تفسـير الاسـتعارات.

الكلمات المفتاحية: الاستعارة، الاستعارة المفاهيمية، المصدر، الهدف، اللغويات المعرفية.

## Summary

Most of the sensory concepts that people use in their daily lives are metaphorically comprehensible. Therefore, the study of the phenomenon of metaphor becomes an important tool for an adequate understanding of emotions. Written in the context of cognitive linguistics, this paper explores sense metaphors as it sees metaphor as one of the most important means of moving language from actual to virtual and literary use. Metaphor is commonly used in everyday language to describe and express different emotional states.

He has a pure heart.

His head is boiling.

Human emotions are used as source fields in the metaphorical structuring of various concepts in most languages, so the study of metaphor phenomenon becomes an important tool for an adequate understanding of emotions. In addition to introducing metaphor in general, this study is an attempt to introduce conceptual metaphor and interpret the phenomenon of metaphor from a new perspective and identify both the source and purpose of interpreting metaphors.

Keywords: metaphor, conceptual metaphor, source, goal, cognitive linguistics.